# یادێ له دادگای هەولێر

مەهاباد قەرەداغی



پێدەچێ نەتوانم بیرەوەرییەکان، به تایبەتی کاریگەرەکانیان هەڵگرم بۆ کاتی پیری و هەر له ئێستاوە هەندێکیان بنووسمەوە. یاخود نەمەوێ ئەو نەریتە پەیڕەوی بکەم که وا باوە بیرەوەری له ساڵەکانی کۆتایی ژیان بنووسرێت و بڵاوبکرێتەوە. ڕەنگیشە هۆیەکی دەروونی هەبێ و مەبەستم بێ هەندێ له پەنگخواردنەوە دەروونییەکانی که رەفتارە نائاساییەکانی کۆمەڵگەکەم هۆکارین کەم بکەمەوە. ئەوەی ئێستا یادی دەکەمەوە، دەبوایە ئێستا به خەندەوە باسی بکەم، دەبوایە ڕۆژێکی زۆر ئاسایی و زۆر خۆش بێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕووی دا و بوو به کارەسات.

لەوەتی خۆم ناسیووە سەرسەختانە ڕووبەڕووی ئەو داب و نەریتانەم که ژن دەکەن به کۆیلە و به شت و به پاشکۆ. مارەیی و شیربایی نرخێکی بێمانان و لەوەتی بیردەکەمەوە دەرکم بەوە کردووە که ئەو نەریتە ژن دەکات به پاشکۆی پیاو، به شتێ له شتەکانی پیاو و بێگومان به کۆیلەی پیاو. لەوەتی خۆمم ناسیووە زانیوومە که خۆشەویستی گەورەترین دڵنیاییە له نێوان ژن و پیاودا هەبێ و لێکتێگەیشتن و پەیوەندییەکی مرۆڤانە مەزنترین گەرەنتییە بۆ ژنیش و بۆ پیاویش. که دژی ئەو داب و نەریتەش بم دەبێ به کردەوە هەوڵ بۆ لابردنی بدەم و دەبێ ئەوەی داب و نەریتی خێڵ و ڕێساکانی ئایین بۆ نرخی کچێک دیاری دەکەن لای من و لای هاوبیرەکانم به کردەوە له بنەوە هەڵتەکێندرێن.

هێشتا کچۆڵە بووم، که دایکم و دەرودراوسێکان باسیان له مارەیی و شیربایی کردبا، من هەوڵم دەدا له بەدی ئەو رەفتارە ئاگاداریان کەمەوە و به زمانێکی سادە که ژنانی نەخوێندەواری وەکو دایکم و هاوەڵەکانی تێی بگەن ڕوونم دەکردەوە که مارەیی و شیربایی ئەو نرخەیە که لەسەر ژن دانراوە و هەر ئەو نرخەیە که بێنرخی دەکات. بەڵام ئەوەی داب و نەریت له مێشکی ئەو بەستەزمانە ڕووناکی نەدیووانەی چەسپاندبوو، گەیاندبوونیە ئەو بنبەستەی که باوەڕ بەو ڕووناکییە نەکەن که من باسی لێوەدەکەم و، دەیانپرسی: باشە، ئەگەر خۆت شوو بکەی مارەیی و شیربایت ناوێ؟! که دەمووت نەخێر من نه مارەیی و شیربایم دەوێ و نەش زێڕ و مێڕ وەردەگرم، بەڵکە من خۆشەویستی دەکەم به مایەی هەموو ژیانی داهاتووم، ژنانی دراوسێ باوەڕیان نەدەکرد، دایکیشم بەو قسانەی من شەرم دایدەگرت و وەک ئەوەی ناماقوڵیم کردبێ

لەویٰ لێم مۆڕ دەبووەوە و کە دەشچووینە ماڵەوە دەیووت کە نابیٰ قسەی وا بکەم و ئێستا دراوسێکان دەڵێن دیارە ئەم کچە داخوازیکەری نییە بۆیە ئەم قسانە دەکات. دایکم ناهەقی نەبوو وا تێبگات، چوونکە نەخوێندەوار بوو، بەڵام لە ئاکامدا هەر توانیم ئەو نەریتە پووچەی پیٰ بناسێنم و بە باوەڕەوە باوەڕ بە قسەکانم بێنیٰ.

ئەو ژن و پیاوە بەستەزمانانەی کە ڕووناکیان نەدیووە و نەخوێندەوارن و بواریان بۆ نەڕەخساوە لە ژیان و لە پەیوەندییەکان و لە کار و کاردانەوەی ڕەفتارە نائاساییەکان بگەن و ئەنجامی ئەو داب و نەریتانە لێکبدەنەوە، لۆمە ناکرێن، بەڵکە پێویستە هەوڵ بدریٰ بۆ لابردنی ئەو تارمایی نەخوێندەوارییەی کە بەر چاوەکانی گرتوون. ئەوەی کە جێی سەرسوڕمان بیٰ، ڕەفتاری دادگای هەولێرو ئەو دادوەرە بوو کە بۆ مارەبڕین من و خۆشەویستەکەم کە ئێستا هاوسەرین، چووینە لای. لەویٰ کارەسات بوو، لە بیری ئەو دادوەرە و لە یاسا نائاساییەکانی بەردەمی کە پەیڕەوی دەکردن، ئەوتراژیدیایەیە کە مەبەستمە باسی کەم.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ دا کە یەکەمین یادی ڕاپەڕینیش بوو، من و مستەفا گەرمیانی بڕیاری پێکەوەنانی خێزانمان دا، پەیمانی خۆشەویستیمان زۆر دەمێک بوو بەستبوو، بەڵام پەیمانی هاوسەرێتیمان و زەماوەندەکەمان تێکەڵ بە جۆش و خرۆشی ڕاپەڕینە مەزنەکە و یەکەمین یادی ڕزگاربوونی پیرەقەڵای هەولێر بوو.

ویستمان دووقۆڵی بچین و لە دادگا خۆمان وەک هاوسەر تۆمار کەین، بەڵام هاوڕێیانمان وتیان بۆ مارەبڕین لە دادگا دوو شاهێدیان دەویٰ. دوو هاوڕێی ئازیزمان (سەردار و سەفین) کە ئێستا نیشتەجێی کەنەدان لەگەڵماندا هاتن بۆ گەواهیدان. من بەو بەهارەوە تەمەنم ٢٥ ساڵ بوو، مستەفاش ٣٠ ساڵ، هەر خۆمان و هاوڕیٰ گەواهیدەرەکانمان برد و چووین بۆ دادگای هەولێر و بۆ کن دادوەری مارەبڕ کە ناوی ئەبوبەکر بوو.

دادوەری مارەبڕ هەر لە چرکەساتی یەکەمەوە وەک شتێکی زۆر نائاسایی و نایاساییمان کردبیٰ لێمان مۆڕ بووەوە، دەتگووت بۆ سزادان نەک مارەبڕین لەگەڵمان دەدویٰ. کە ڕاوەستابووین مستەفا دەستێکی بەسەر مێزەکەوە بوو، منیش بە زمانێکی سادە و ڕاستەوخۆ ڕامگەیاند کە ئێمە بۆ مارەبڕین هاتووین، سەردار و سەفینیش هێشتا لەبەر دەگا بوون و چاوەڕوان بوون دادوەر بۆ گەواهیدان بانگیان بکات.

دادوەر بە گومانێکەوە کە بە ئاشکرا لە چاوەکانی دەخوێندرایەوە، فۆرمێکی هێنا و بە ڕوویەکی زۆر ناخۆشەوە هەندیٰ پرسیاری لیٰ کردین. کە بریتی بوون لە ناو و ساڵی لەدایکبوون و کار و لەو بابەتانە. بەڵام کارەساتەکە لە دوو پرسیارەکەی کۆتایی بوو، یان ڕوونتر لە وەڵامی پرسیارەکانی کۆتایی بوو.

دادوەر: موقەدەمەتان چەندە؟ (واتە مارەیی)

مستەفا و مەهاباد: چەپکیٰ گوڵ.

دادوەر: چی؟!

مەهاباد و مستەفا: چەپکیٰ گوڵ.

دادوەر: گوڵی چی؟!

مستەفا و مەهاباد: گوڵی نێرگز.

دادوەر شێت بوو بەم وەڵامە، بە گاڵتە پێکردنێکەوە پرسی: ئەی موئەخەرەتان چەندە؟! (واتە شیربایی) .

مستەفا و من: دیسان چەپکێ گوڵ.

دادوەر تەقیەوە و پێی قیژاندی: بۆ دەرەوە، هاتوون گاڵتەمان پێ بکەن، شتی وا چۆن دەبێت.

مستەفا هێشتا دەستێکی بەسەر مێزی دادوەرەوە بوو، هێشتاش هەر بە هێمنی دەدوا و پێی گووت:

مستەفا: ئێمە خۆمان بەرپرسین لە ئاکامی خۆمان و ئێمە هەردووکمان ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی مارەیی و شیربایی چەپکێ گوڵ بێت. کەچی دادوەر هاواری بەسەریدا کرد و گوتی:

دادوەر: تۆ جارێ جوان ڕاوەستە و دەستت لەسەر ئەم مێزە لابە.

سەیر ئەوە بوو دادوەر سەیری منی هەر نەدەکرد و کە قسەشم دەکرد گوێی بۆ من هەر ڕانەدەدێرا. لەو پیاوانە بوو کە ژن هەر بە مرۆڤ نازانن. کە بوو بە دەنگەدەنگمان لەگەڵ دادوەردا لەو کاتەدا سەردار و سەفینیش بێ ئەوەی دادوەر بانگیان کات هاتنە ژوورەوە و ئەوانیش لەگەڵ دادوەردا کەوتنە گفتووگۆ و دەیانویست هەرچۆنێ بێت قایلی کەن، بەڵام دادوەر بیانوویەکی تری دۆزیەوە و رووی لە من کرد:

دادوەر: بچۆ باوکت بێنە!

من: باوکمت بۆ چییە؟

دادوەر: کێ دەڵێ کەس و کارت ڕازین بەم زەواجە.

من: من تەمەنم بیست و پێنج ساڵە و پێویست ناکات کەسی تر بۆ من بڕیار بدات.

دادوەر: تا باوکت نەهێنی مارەتان نابڕم!

من: باوکم کۆچی دوایی کردووە.

دادوەر: مامێکت، خاڵێکت، پیاوێک لە خزمی پلەیەکت بێنە ئینجا مارەتان دەبڕم.

من: کەسم لە هەولێر نییە، کەس و کارم هەمووی لە کفرین، ئێمە خۆمان دوو کەسی پێگەیشتووین پێویست ناکات کەس و کار بێنین.

دادوەر: شتی وا نییە، بڕۆ والی ئەمرت بێنە.

دەرگاوانەکەی بەردەرگای دادوەر پیاوێکی پیری نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر لە دادوەر تێگەیشتوو تر بوو، هیچ نەبێ دەیوویست بە زمانی خۆش قایلمان کات کە لە جیاتی ئەو چەپکە گوڵانە نۆزدە مسقاڵ زێڕ بنووسین. دەرگاوانەکە بۆ ناوبژی ئێمە و دادوەر هاتبووە ژوورەوە و ئێمەی هێنایە بەردەرگا و پێی گوتین:

دەرگاوان: ڕۆڵە ئەوە شەرع خۆی وای فەرمووە کە مارەیی و شیربایی کیژ نۆزدە مسقاڵ زێڕ بێت. ئێوەش وا بکەن خواش لێتان ڕازی دەبێت و ئەو هەرایەشی لەگەڵ حاکم پێ ناوێت.

سەفین و سەرداریش دڵسۆزانە دەیانویست دادوەر و دەرگاوانەکەی لە مەبەستی ئێمە ئاگادار بکەنەوە، دەرگاوانەکە تێگەیشت و دادوەر تێنەدەگەیشت. دەرگاوانەکە گوتی: بابی خۆم دەزانم هەقی ئەنگۆیە، بەرام بچن کەسێکی کیژەکە بێنن و ئەو هەرایەش لازم ناکات.

تەنها کچێکی مامم ماڵی لە هەولێر بوو، چووین ئەومان هێنا، ئەگەر چی حاکم دەیویست ئەوەی دەیهێنم پیاو بێت و من کچێکی مامم هێنابوو، بەڵام وا دیار بوو دەیویست لە کۆڵی بینەوە. ئیدی لە جیاتی من لە ماجیدەی ئامۆزامی دەپرسی.

دادوەر: تۆ ئاگاداری کە کیژەکەی مامت دەیەوێت شوو بەو کوڕە بکات؟

ماجیدە: بێگومان ئاگادارم.

دادوەر: ئێوە قایلن مارەیی و شیربایی ئەمانە چەپکێ گوڵ بێت؟

ماجیدە: ئێمە هەقمان چییە بە سەرەوە، ئەوان خۆیان بڕیار دەدەن.

دادوەر: بەڵام شتی وا نابێت لە یاسادا، دەبێ هەر مەبلەغێک پارەی لەگەڵ بێت.

دیسان بوەوە بە دەمەقاڵە و ئێمە نەماندەویست پارە و مارە لە ئارادا بێت و تەنها ئەڵقەیەکیشمان لە پەنجەی یەک کردبوو، نەماندەویست زێڕ و مێڕ بکڕین. لە کۆتاییدا کێشەکە بەوە بڕایەوە کە هەر دەبێت پارەیەک بنوسرێ و ئێمەش وتمان باشە کەمترین بڕە پارە یەک دینارە و فەرموو لە بەر خاتری دڵی تۆ با مارەیی یەک دینار و چەپکێ گوڵ بێت، شیربابییش بە هەمان شێوە یەک دینار و چەپکێ گوڵ.

ئێستا چەپکە گوڵەکەی من و هاوسەرەکەم هەموو ڕۆژێ بە خۆشەویستی ئاودەدرێ و دەبووژێتەوە، یەک دینارەکەی دادوەریش لە هیچ بازاڕێکی جیهاندا نرخی نەماوە. ئێمە لەو خۆشەویستییە کچێکمان بوو، شاکارێکە بۆ خۆی و دەمانەوێ وەک مرۆڤێکی ئازاد و ئازا پەروەردەی کەین. دادوەریش لەناو تارمایی یاسا نادادوەرەکانی خۆیدا خنکاوە و ئێستاش هەمان بنێشتی کۆنەپەرستی دەجوێتەوە.

لە کۆمەڵگەیەکدا یاسای وا و دادوەری وا هەبێ، کچ لە چوارچێوەی پاشکۆیەتی ڕزگاری نابێت. ئەو یاسایانە و ئەو دادوەرانە هی ئەوەن توڕ هەڵبدرێن، تەنانەت نەشخرێنە مۆزەخانەی مێژووەوە، چونکە هی مێژوویەک نین شانازیان پێوە بکرێت، بەڵکە هی مێژوویەکن کۆمەڵگەکەمان شەرمەزار دەکەن.

بەو هیوایەی چەپکە گوڵ مارەیی و شیربایی لاوانی کوڕ و کچی وڵاتەکەم بێت و خۆشەویستی گەرەنتی ژیانیان بێت ئەم یادوەرییەم پێشکەش کردن.